# یاسای بوودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٤**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٧/٣/١٩**

## «بڕیار»

بەپێی حوکمەکانی بڕگەکانی «١و ٥»ی ماددەی پەنجاو شەشەمی یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر داوای وەزیری دارایی و ئابووری و ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەری، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٧/٣/١٩دا ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرهێنا.

## یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٧
## یاسای بوودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

أ- ئەم خەرجیە بەردەوامانەی خوارەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و وەزارەتەکان و کارگێڕییەکانی هەرێم بۆ ساڵی ١٩٩٧تەرخان دەکرێن کە ئەم بڕە پارانەن.
«٢٫٢٨٥٫٧١٧٫٨٠٠»دینارو «١٧٠» هەزار دۆلاری ئەمریکییە.

ب - ئەم پارانەی خوارەوە بۆ بودجەی فەرمانگەو کۆمپانیای کە خۆیان بەڕێوەدەبەن بۆ ساڵی ١٩٩٧ تەرخان دەکرێن کە «٥٤٩٫٧٦٨٫٨٠٠» دینارە.

ج - بۆ بودجەی نەخشەکێشانی گشتی ساڵی ١٩٩٧ بڕە پارەی «٦٨٤٫١٦٠٫٠٠٠» دینار تەرخان دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٧، «١٫٦٣٦٫٠١٧٫٤٩٢» دینار دەخەملێندرێ.

**ماددەی سێ یەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەو داهاتە داراییەی دێتە دەستی پارەی ژمێرباری وەزارەتەکان و هەموو کارگێڕییەکان دابین دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

سەرۆکی ئەنجـوومـەنی نیـشـتـمـانیی کـوردسـتـانی عـێـراق بۆی هەیە گـوێزانەوە لەناو بودجەی تایبەتی ئەنجوومەندا بکات.

**ماددەی پێنجەم:**

دەسەڵات بە وەزیری دارایی و ئابووری دەدرێ تا گوێزانەوە لەنێـوان تەرخان کراوی یەک دەروازە بکات، جگە لە فەسڵی مووچە، ئەویش دەشێ بۆی بگوێزرێتەوە، بەڵام ناشێ لێی بگوێزرێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە گوێزانەوە لەنێوان تەرخان کراوی دەروازەکانی بکات، بەمـەبەسـتی پاشـەکـەوت کـردنی توانای خـەرج کـردن بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتیـیـانەی کـەبڕیاری لێکردنەوەیان لەوەزارەتێک و لکاندنیـان بە وەزارەتێکی دیکەوە دەدرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

دەسـتـەڵات بەوەزیری دارایی و ئابووری دەدرێ کـە لە تەرخـان کـراوی گـشـتی پەسەندکراوی ساڵی ١٩٩٧ بەڕێژەی «١٪» لەکۆی گشتی ئەو تەرخان کراوە بخاتە سەر کۆی گشتی تەرخان کراوی پەسەندکراو لە بودجە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

١- تەرخـان کـردنی پارەی پێـویست بۆ بودجـەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیـیـانەی کـە لەو ساڵەدا دروست دەکرێن.

٢- تەرخان کراوی نوێ بخرێتە سەر بودجەی وەزارەت و کارگێڕییـەکان بۆ ئەو بارە کتو پڕیانەی کە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری یەکەکانی (مفردات) میلاکەکانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کـوردسـتـانی عـێـراق بۆ سـاڵی ١٩٩٧ ئامـادە دەکـات و بەپێی پارەی مووچەی پەسەندکراو لەبودجەدا پەسەندی دەکات.

**ماددەی نۆیەم:**

پێـویسـتـە لەسـەر وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمـایی پێـویست بۆ دانانی رادەی دەستەڵاتی خەرج کردن بۆ بەڕێوەبەرایەتییە حکوومەتییەکان دەربکات لەماوەیەکدا کە لە دوو هەفتە لەمێژووی دەرچوونی ئەم یاسایە تێپەڕ نەکات.

**ماددەی دەیەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان کردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژنامەی رەسمیدا بلاو دەکرێتەوەو لەرۆژی (١٩٩٧/١/١)ـەوە جێبەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

Mizan AL-Adalah firm For Lawyers and Legal Consultants
M.A.L Co.